Dengekan

# کۆتایی میلیتاریزم؟

## ئاسۆعەبدوللەتیف

ڕەنگە دیارترین بەربەستەکانی تورکیا بە ئاراستەی ریفۆرمی ناوخۆیی و کرانەوەی دیموکراسی و چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتیانەو پرسی قوبرص و وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا EU ، تەنها بەستەڵەکی بیرو هزری دۆگمای جەنراڵ بێت کە کۆی پێکهاتە سیاسەتی و ئابوریەکانی تورکیای دوچاری لێکترازان کردۆتەوەو تابێت کێرڤی دەسەڵاتی جەنراڵ و تەمی عەسکەر بەسەر سیاسەتەکانی تورکیادا کەم ئەبێتەوەو حیزب و ڕەوت و دەموچاوی دیکە دێنە گۆرەپانەکەوە، وە دەرکەوت لە پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و دەرکەوتنی تاك جەمسەری و سیستمی نوێی جیهانی کێشەکان بە ئاشتەوایی دەبێت چارەسەر بکرێن، پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بۆ دووەم خولی پەرلەمانی تورکیا شەرعیەتی جەماوەرییان وەرگرتەوەو قاچەکانیان درێژکردەوە بۆ ناو دەسەڵات و هەژمونی دەسەڵات و دەنگی خۆیان فەرزکردەوە بەسەر تورکیادا بە ڕێژەی زۆرینەی 46.6٪ ئەم ڕێژەیەش سەرکەوتنێکی بەرچاوی ئەم ڕەوتەیەو دەرخەری ئەوەیە کە توانیویانە هەم ئاسۆیی و هەم شاقوڵی و لەسەر هەدوو ئاستە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی تورکیادا سیاسەتێکی باشیان پەیرەو کردوەو دیارە گەلانی تورکیاش بە هەموو زمان و ئایدیاو ڕەنگ و کولتورەکانیەوە ئەمەی قبوڵە، ئەوەی کە ئەم سەرکەوتنە گەشتر ئەکات بۆ پارتی دادو گەشەپێدان بەرزبونەوەی ڕێژەی دەنگەکانیانە بە نزیکەی 10٪ لە چاو هەڵبژاردنەکانی 2002 دا کە ڕێژەی 37٪ یان بەدەست هێنا، دیارە سیستمی حوکمرانی تورکیا تا ئێستاش وەستاوە لەسەر تێزەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورك کە بەباوکی ڕۆکی تورك دادەنرێت و یەکێکە لە کاریزماکانی تورکیاو یەکەم سەرەك کۆماری تورکیاو دامەزرێنەری حیزبی گەلی کۆماری بوو لە ساڵی 1923 واتە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامیەکان و کۆتاییهاتن بە قەڵەمرەوی سوڵتان، ئێستا دەنیز بایکال میراتگری ئەم حیزبە کۆن و مێژوویەی ئەتاتورکە کە پایەکانی خۆی قایم کردوە لەسەر بنەماکانی چەپ و عیلمانیەت و توندگیری و بیری ناسیۆنالیزمی تورك، لەگەڵ ئەو هەموو پشتگیرییەی دامەزراوەی سوپاو جەنراڵەکاندا، نەیتوانی رکابەری تەواوی پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئۆردوگان بکات، چونکە ئەوەندەی بەرنامەکانی ئەم حیزبە بۆ خەڵك لەسەر سەروەریەکان و مێژووی کۆن و هێزی میلیتاریزم و شەرعیەتی خودی ئەتاتورك وەستابوو ئەوەندە خزمەتگوزاری ئابوری خەڵك و ڕەوشی بازارو گرانی و هەرزانی و چارەسەریە هەنووکەییەکانی نەکردبوویە بەرنامەو ئەجندا، دەرکەوتنی روخسارێکی ئیسلامی میانرەو بە باکگراوندێکی مەدەنیانەی سیاسی نەرمبڕەوە مانایەکی دیکە ئەبەخشێت بە شەقامی سیاسی و میلیتاریزم و ئابوری تورکیاو ناکرێت نادیدە بگیرێت، دەرکەوتنی ئەم روخسارە ئەوەندەی پەیوەستە بە ریفۆرمی بازارو چاککردنی ڕەوشی خەڵکیەوە ئەوەندە نەوەستاوە لەسەر ئایدۆلۆژیاو سیاسەت و دەرکەوت تاك لەم کۆمەڵگایەدا چاککردنی ڕەوشی خۆی ئەوێت و شوێنکەوتەی خزمەتگوزاریەکانە نەك توراسەکانی شۆڕش و حزب و دروشمە بریقەدارەکان، چونکە بۆ دووەم جارە لە مێژووی تورکیادا هێزێکی ئیسلامگەری نوێ کە لەناو قوڵایی کێشەکانی خەڵك و شارەوانیەکانی ئەستەمبوڵەوە سەری هەڵدا توانی بەستەڵەکەکان ببڕێت و ببێتە رکابەرێکی سەرسەختی دامەزراوەی سوپاو کۆی دەسەڵاتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە ئاماژەیەکی هەستیارە بۆ کۆتایی هێنان بە سیستمی زبری دامەزراوەی سوپاو هەرەشەو گوڕەشەو کەمکردنەوە هەژمونی جەنراڵ بەسەر سیاسەتەکانی تورکیادا، ئەم روخسارە نوێیەی تورکیا روخسارێکە دەکرێت زیاد لە هیوایەکی پێوە ببەستین بەتایبەتی کوردەکان کە بە لیستی هەزار هیواوە توانیان 24 کورسی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و ببنە کوتلەیەکی پەرلەمانی و هاوشان لەگەڵ سیاسەتەکانی ئۆردوگاندا زاڵ ببن بەسەر ئەو کێشانەی کە ئێستا پەرەسەندوون لە نێوان تورکیاو کورددا، کورد دەبێت لە تورکیادا زۆر سوود وەرگرێت لە گەمەکانی ئایندەو یاریکەرێکی چالاك بێت بە ئاراستەی وەدی هێنانی خواستەکانی، لەکاتێکدا دەزانرێت ڕۆژ بەرۆژ هەژمونی سوپاسالاری بەرەو کزی ئەروات و ئەکرێت ئەم هەلانە بقۆزرێتەوەو وەك ئەوترێت چەند کورسیەکی حیزبەکەی ئەردوگانیش کوردن و ئەمەش کاریگەری خۆی ئەبێت لە نێو گفتوگۆو مەترەحەکانی پەرلەماندا تا بە ئاشتی و دیالۆگ کێشەی کورد و گەلانی دیکەی تورکیا چارەسەر بکرێن.